**IF YOU HAVE ANY INFORMATION CONCERNING THIS PERSON, PLEASE CONTACT YOUR LOCAL FBI OFFICE. TELEPHONE NUMBERS AND ADDRESSES OF ALL FBI OFFICES LISTED ON BACK.**

William S. Sessions
DIRECTOR
FEDERAL BUREAU OF INVESTIGATION
UNITED STATES DEPARTMENT OF JUSTICE
WASHINGTON, D.C. 20535
TELEPHONE (202) 324-3000

پاشان (**پرۆفیسۆر دکتۆر ئاماتیزا بارام**) مێژوونووس و مامۆستای زانکۆ لە حەیفا و هەروەها ئەندامی سەردانیکاری ناوەندی توێژینەوەی ویدرۆ وێلسن، بواری قسەکردنی پێدراو ناوبراو وتی:

" پێم خۆشە  کە بابەتەکە لەگۆشەنیگایەکی دیکەوە شرۆڤەبکەم، ئەوساکە دەچمە سەر کێشەی کورد.

بەتێڕوانینی من، سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی دوولایەنە کە هەتاوەکو ئێستا لەلایەن ئیدارەوە دیارییکراوەو جەختی لێکراوەتەوە لەهەمبەر عێراق، ئاکامێکی باش و ماقووڵی هێناوەتەدی. ئەگەر بتەوێت چالاکتربێت لەوانەیە ئاکامی باشتریشی بەدیبهێنێت، بەڵام ئەم سیاسەتە هێشتا بەراستیی شکستی نەهێناوە.

ئەمە بۆتە هۆی لاوازکردنی رژێمی بەعس و دەتوانی سەرەتاکانی گرفتە مەترسییدارەکانی بەعس ببینی لەوانەیە ٢ساڵیش پێش ئێستاکە، لەوانەیە پێش ١٨ مانگ، ئەوەی ناچارییکرد سازش بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. تاوەکو ئێستا گۆڕانکاریی لە رژێمدا روویندەداوەو چاوەڕیی ئەوەش ناکرێت بەو زوانە رووبدات. سزا ئابوورییەکان بەرەواڵی سروشتی خۆیان بەهێواشی کاری خۆیان دەکەن.

پێداگریی لەسەر هێشتنەوەی سزکانی سەر عێراق تاوەکو رژێمی بەعس ئامادەدەبێت کە ملکەچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت بۆخۆی پاساوی خۆی هەیە.

لەسەر ئاستی سیاسیی خۆجێیی، نیشانەی ئەوە هەیە کە سەدام هێزی خۆی لەنێو بژاردە بەهێواشیی لەدەستدەدات. ئەوە راستە کە زۆرینەی عێراقییەکان سەبارەت بە نەهامەتییەکانیان لۆمەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن، بەڵام وێڕای ئەوەش هەروەک رۆژنامە عێراقییەکان خۆیان ئاماژەی پێدەدەن، زۆر لەخەڵکیشی کە ئەوەی حیکمەتی سەرکردایەتییەکەیان بخەنە ژێر پرسیارێکی قورسەوە.

ئەوەی دەمەوێت پێشنیاری بکەم، لەوبڕوایەدام کە ئەردەن گۆشەیەکی پەیوەندییدارە، بەڵام تۆ ناتوانیت ئەردەن دابڕیت بەبێ ئەوەی ئەڵتەناتیڤێک پێشکەش بکرێت. هەروەها لەو بڕوایەشدام کە مرۆڤ ئێستاکە دەبێت دەستبکات بەتێفکرین لەقۆناغی دوای گەمارۆکە، بەو هیوایەی کە گەمارۆکە سەرکەوتووبێت و لەوانەیە هەندێک کاری دیکەش سەرکەوتووبێت بۆ رزگاربوون لەسەدام و رزگاربوون لە رژێمەکەی و هەر رژێمێکی دیکە کە جێگای ئەو بگرێتەوە- کە ئەگەر رژێمێکی ئیسلامیی توندڕەو یان بەعسیی نەبێت- هیوا هەیە کە کەمێک زیاتر دیموکراتیتربێت. بەروونی، ئەگەر ئای ئێن سی/ کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراقیی بەشێک بێت لێی، گومانم نییە کە دیموکراتیتر دەبێت و لەحاست ئەمریکاش دۆستانەتر دەبێت.

بەڵام تەنانەت لەباشترین دۆخەکاندا هەستدەکەم کە ئیدارەکە بایەخی تەواو نادات کە لەپاش هەڵگرتنی گەمارۆکە چی پێویستە ببیت، هەرکاتێک کە گەمارۆکە هەڵگیرا. هەروەها بەڵگەی ئەوە

هەن کە سەدام حوسین لانیکەم بڕوای وایە کە دەتوانێت گەمارۆکە لابەرێت بێ ئەوەی ملکەچی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت.

پێویستە بۆ رژێمی عێراق روون بێت، هەروەها بۆ هەررژێمێکی دیکەش، کە ئەگەر بگەڕێنەوە سەر بەرهەمهێنانەوەی چەکی ناتەقلیدی، ئەوساکە لەژێر گەمارۆیەکی نوێی دیکەدا دەناڵێنن. هەمە هەر لەسەرەتاوە دەبێت روون بێت، وەک مێژوونووسێکیش دەتوانم بڵێم کە عێراق هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵگایەکی بەکێشەبووە، ژمارەیەکی زۆر قەیران و کێشەی نێوخۆیی و بڕێکی زۆریش دوژمنکاریی دەرەکیی. دەمەوێت بڵێم کە ئەوان تێبینی ئەوە بکەن کە ئەوان لەتاقکردنەوەیەکی سەختی درێژخایەندان.

بەروونی، ئەگەر ئەوان چەکی کۆکوژ بەرهەم نەهێنن، ئەوا پێویستە پشتگیریی نێودەوڵەتیی و دانپێدانانی بێلایەنانە بەدەستبێنن- ئەگەر لەراستییدا رژێمێکی دیموکراتیتر بێت- ئەمەش جۆری ئەو شتانەیە کە دەبێ بەبەردەوامیی بۆیان روونبکرێتەوە. پێویستە خەڵک لەعێراق ئەوە بزانن. لەئێستادا من دڵنیانیم کە گەیشتبنە ئەم خاڵە. خەڵک لەعێراق هەستدەکەن کە بەجۆرێک هەموو کەس بەدوایانەوەن.

بەڵام سەبارەت بەکێشەی کورد، رێگەیەک کە هەبێ بۆ رزگاربوون لەسەدام و رژێمەکەی گەمارۆیە. بەرێگەیەکی دیکە بڕوام وایە کە ئێوە دەبێت کاری پرۆپاگەندەیی بەئاراستەی عێراق بکەن. ئەگەر بتوانن ناوچەی ئارام بۆ شیعەکان لەباشوور تەرخان بکەن، لەو بڕوایەدام کە ئەمە کارێکی زۆر گرنگی مرۆڤانەیە، بەڵام من تەواو درکیش بەو رێگرییە لۆجیستی و سەربازییە گەورانەی بەردەم دامەزراندنی ئەم ناوچە ئارامە دەکەم.

**سەبارەت بەکێشەی کورد**: حکومەتی هەرێم لەباکووری عێراق یان کوردستانی عێراق، ئەوەش رێگایەکی دیکەیە بۆ لاوازکردنی سەدام. سەبارەت بەمەش من لەگەڵ نوێنە ر توریسلی و خاتوو لاوری هاوڕام. رێگام بدە کە بەراشکاوی بڵێم کە ئێستاکە خەڵک لەبەغدا دەزانن چی لەکوردستان دەگوزەرێت. هەر ئێستا، رەوشی ئابووری لە کوردستان لەوەی بەغدا باشتر نییە. هەربۆیە نمونەیەکی مەزن نییە بۆ لاساییکردنەوە و بەدوکەوتن.

بەهاوکاریکردنی کوردو ئای ئێن سی لەکوردستان بەهەموو جۆرەکان، چ لەرێگەی هەڵگرتنی گەمارۆ بێت لەسەر کوردستان بەحوکمی ئەمری واقیع یان بەیاسا بێت، ئەوا ئێوە بەرەو لاوازکردنی سەدام لەعێراق هەنگاو دەنێن. جارێکی دیکە ئەوە پرۆسەیەکی هێواشە، بەڵام خەڵکی لەبەغدا دواجار دەزانن، ئەگەر ئیوە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی بەهێز لەکوردستان دابمەزرێنن و وێنەی باشبوونی گوزەران و ژیانی دیموکراتی لەکوردستان پەخش بکات، ئەوە باشترین پرۆپاگەندە دەبێت لەدژی سەدام حوسێن رژێمەکەی.

هەوڵمداوە ئەو بابەتانە بژمێرم کە بۆ کورد زۆر بەسوود بێت لەنزیک ماوەدا. هەروەها دەمەوێت بڵێم کە ئەوانە بەشێوەیەکی رێژەیی هەرزان و کەمتێچوون.

ئەوان پێویستیان بە پاڵاوگەی نەوتە، دانەیەکی زۆر گەورە نا، ئەوەنە بەسەر کە بەشی ٣ ملیۆن کەس بکات. ئەوان بیرەنەوتیان هەیە. گریمانەی ئەوە دەکەم کە هەندێکتان ئەوە بزانن کە ئەوان ئەو بیرەنەوتانەی کە ئێستا سەریان نراوەتەوە، لەو ناوچانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندایە لەسەرو هێڵی پانی ٣٦ی باکوور، بەتایبەت لەدەوروبەری کۆیە.

دەمەوێت بڵێم کە پێدەچێت بەراستیی بۆ من وابێت کە زۆر سەیرو ناشایستەیە رێگە بەسەدام حوسێن دراوە سامانی وڵاتەکەی بەکاربهێنێت، نەوت لەخاکەکەی دەربهێنێت، بۆئەوەی بیگۆڕێت بۆ بەرهەمە نەوتییەکان و ئەو شتانەی لێوەی بەرهەم دێت. کەچی رێگە بە کوردو ئاسی ئێن سی نادریت کە هەمان شت بکەن. ئەمەش وە ئەوەیە کە بڵێین بۆئەوەی کە یەکگرتوویی خاکی عێراق بپارێزین-کەمن لەگەڵیدام- ئەوا رێگە لەکورد دەگرین کە سوود لەهەمان ئەو مافانە وەربگرن کە سەدام حوسێن سوودی لێ دەبینێت.

ئەمە پاڵنەرێکی مەزن دەبێت بۆ ئابووری کوردیی چونکە ئەگەر هاتوو بتوانن بەرهەم و موشتەقاتی نەوتەکەیان بەرهەمبێنن، ئەوا ئابوورییەکەیان دەکەوێتەسەر بناغەیەکی پتەو ئەوەش زۆر هەنگاوێکی گرنگە. ئەوەش لەرووی ئابوورییەوەو تەنانەت سیاسییشەوە ناشێت کە زۆر گران و زەحمەت بێت.

بابەتێکی دیکە، بۆنموونە، ئەوان کەموکورتی پارچەی یەدەکیان بۆ کارگەکانی چیمەنتۆ هەیە. جووتێک لەو کارگانە زۆر گرنگن بۆ بنیاتنانەوەی ئەو ٤٠٠٠ گوندەی لەلایەن سەدامەوە کاولکران. لەوبڕوایەدام کە هیچ گرفتێکی راستیینە لەبەردەم پێدانی پارچەی یەدەک نابێت بۆ ئەو کارگانە.

بابەتێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم، کوردستان سەرچاوەیەکی سروشتی میوەو سەوزەیەو هەروەها توتنیش. بەڵام ئەوەی وەک ئێستا لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا وەک من بزانم پەسەند نەکراوێکی گەورەیە. بەڵام یەکێک لەو رێگایانەی کە دەتوانرێت هاوکارییەکی ماناداریان بکرێت ئەوەیە کە یارمەتییان بدرێت چەند کاریگەیەک بۆ بەرهەمی کشتوکاڵیی دابمەزرێنن، لەبەرئەوەی زۆری ئەم بەرهەمانە بەهۆی سەختیی و گرانیی ریگای هاتوچۆوە بۆگەن و خەساردەبن. ئەوەش شەرمە، ئەوە شتێک نیە کە زۆر گران بکەوێت، بەڵام فرە سوودبەخش دەبێت.

**ملیشیای کوردیی**: لەو بڕوایەدا نیم کە سەربەخۆیی بۆ کورد بیرۆکەیەکی کرداریی بێت. من یەکێکم لەو کەسانەی لەئیسرائیل تەنانەت بە پەرۆشێکی زۆرەوە ناڕواننە بیرۆکەی فەلەستینێکی تەواو سەربەخۆو لەسەرپێ راوەستاو. لەبەر هۆکارێکی ئابوری و ئیستراتیژی، پێدەچێت کە فیدراسیۆنێکی ئەردەنی-فەلەستینی چارەسەرێکی باشتر بێت. با کێشەی فەلەستین بخەینە لاوە، لەو بڕوایەدام کە پێویستە کوردو ئای ئێن سی رێگەیان پێبدرێت هەمان شت بکەن. ئەوەی کە ئێستا ئێمە یارمەتی فەلەستینییەکان دەدەین لە غەزەو ئەریحا، ئەنجامییدەن. بەدیارییکراوی، پێویستە رێگەیان پێبدرێت میلیشیا دابمەزرێنن- کوردان میلیشیایان هەیە بەڵام لەرووی چەکەوە خراپ چەکدارن- ئەوان دەبێت چەکی سوکیان پێبدرێت هەروەک فەلەستیینییەکان، بەرگی سەربازیی یەکپۆش و کەلوپەلی ناجەنگیشیان بدرێتێ.

بەدڵنیاییەوە ئەمە زۆر زەحمەت نییە. دەبێت ئەوە بەهەماهەنگیی لەگەڵ تورکەکاندا بکرێت، بەڵام ئەوە نابینم کەچۆن تورکان بەتوندی دژی ئەمە دەوەستنەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بکەن ئەو کاتە تەنیا هەندێک کەلوپەلی ناجەنگییان پێبدرێت.

بابەتێکی دیکە، بۆنموونە پارچە یەدەکی ماشێنی کەمپاینی دروێنەیە. کوردان بەشی پێویستی ئەوانەیان نییە، زۆریش نابات وەرزی دروێنە دەستپێدەکات، بەبێ ئەوانە دیسانەوە بەشێکی زۆر لەوەی توانویانە بەرهەمبێنن خەسار دەبن.

هەروەها خاڵێکی دیکە، دەمەوێت پێشنیاری پێداچوونەوەی پارەی بلۆککراوی عێراق بکەم لەئەمریکاو بەشێکی نەک هەر بخرێتە بەردەستی کوردان بۆ تەواوی جوڵانەوی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیی تەرخانبکرێت. لەسەرو هەموویانەوە کوردو ئای ئێن سی کە دژی سەدام کاردەکەن.

من درک بەوە دەکەم کە ئەم بابەتە لەرووی یاساییەوە ئاسان نییە. بەهۆی مەسەلەی گەمارۆکەو یەکێتی عێراقەوە. جارێکی تر بەقسە دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە و بڵێم کە بڕوام وایە کە یەکگرتوویی خاکی عێراق گرنگە، بە بۆچوونی من، کوردان لەعێراقێکی دیموکراتدا خاوەنی ئۆتۆنۆمییەکی مانادارو ئازادیی دەبن. هەرچەندە لەهەمان کاتدا کە کوردان و ئای ئێن سی لەرووی بوونی پارەی نەختینەوە لەتەنگەژەدان.

ئێستاکە ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، ئەوانەی کە زۆر لەنەهامەتیدان، وەک من لێی تێدەگەم، زیاتر ئەوانەن کە دەبێت ئیدارە زیاتر بایەخیان پێبدات. ئەوانە بریتین لە رۆشنبیران و مامۆستایان و ئەندازیاران و کارمەندان لە کوردستاندا. لەبنەرەتدا ئەو رۆشنبیرە سێکیولارانەی کە موچەخۆری حکومەتن، لەو بڕوایەدام، ئێمە پێویستە هەوڵی یارمەتیدانی ئەو کەسانە بدەین لەبری ئەوەی ژیانیان زیاتر گرانترو قورستر بکەین.



پرۆفیسۆر دکتۆر ئامتیزا بارام

Four, pursue war crimes, crimes against humanity. The Clinton administration initially talked of it and then it seemed to get dropped.

Five, try to do something about the terrible destruction in the south in the marshes. And the beginning of any such action would be a vociferous campaign in the United States and Europe against the genocide that is going on there, hopefully leading them to some action.

Thank you.

[The prepared statement of Dr. Mylroie appears in the appendix.]

Mr. HAMILTON. Thank you.

Dr. Baram.

**STATEMENT OF DR. AMATZIA BARAM, VISITING FELLOW, THE WOODROW WILSON CENTER FOR SCHOLARS, PROFESSOR OF MIDDLE EAST HISTORY AT HAIFA UNIVERSITY**

Mr. BARAM. I would like to approach the subject from one additional angle and then I will address also the Kurdish issue.

In my judgment, the dual containment policy as defined and implemented so far by the administration toward Iraq has been producing reasonably good results. If you want to be more active, you can produce perhaps better results but still it is not really a failure.

It has weakened the Ba'th regime and you could see the beginning of the Ba'th serious problems maybe 2 years ago, maybe 18 months ago. And it has forced it to make concessions to the United Nations. It has not so far brought about a change of regime and cannot be expected to do so soon. Economic sanctions by their very nature work slowly.

The insistence on keeping sanctions on Iraq until the Ba'th regime is ready to comply with the United Nations Security Council resolutions is thus justifying itself.

On the domestic political level, there are signs that very slowly Saddam Hussein is losing ground within his own elite. True, many Iraqis are blaming the U.S.A. for their plight. However, as indicated by the Iraqi press itself, many people have also started asking difficult questions about the wisdom of their own leadership.

What I would suggest—I, by the way, think that the Jordan angle is a relevant one but you cannot cut Jordan off without offering it an alternative. But I think also that one should start now thinking about the post-embargo period. Hopefully the embargo will succeed and perhaps some additional acts will succeed to depose Saddam and to get rid of his regime and whatever regime that comes instead, if it is not fundamentalist Islamic or Ba'th will be hopefully a little more democratic. Obviously if the INC is part of it, the Iraqi National Congress, I have no doubt it will be more democratic and also more friendly toward America.

But even under the best of circumstances, my feeling is that the administration is not paying enough attention now to what should be the case after the embargo is lifted, whenever it is lifted. And there are also indications Saddam Hussein at least believes that he will be able to lift it without complying with all the U.N. resolutions.

It must be clear to the Iraqi regime, to any regime, that if they go back to the production of nonconventional weapons they are going to suffer from a renewed embargo. This has to be made very clear from the outset and as a historian I can say that Iraq has been a problematic society since its inception. A lot of domestic strife and quite a lot of foreign aggression. And I would say that they have to be on notice that they are on long-term probation.

Obviously if they do not produce arms of mass destruction, they should get—if this is indeed a more democratic regime—international support and naturally recognition and this is the kind of thing which has to be made very clear to them continuously. People in Iraq should understand this. At present I am not sure they get the point. Somehow people in Iraq feel that everybody is after them.

As for the Kurdish issue, one way of getting rid of Saddam and his regime is the embargo. I think another way, you should increase your propaganda work in the direction of Iraq. If you can provide safe haven for Shi'ites in the South, I think this would be a very important humanitarian solution but I am fully aware of the tremendous logistical and military difficulties of establishing such a safe haven.

As for the Kurdish issue: the regional government of northern Iraq, or Iraqi Kurdistan, that is another way that you can weaken Saddam and on this I agree with Congressman Torricelli and with Laurie. Let me say very simply that people in Baghdad know what is happening in Kurdistan. Right now, the economic situation in Kurdistan is not much better than in Baghdad. And so there is no big example to follow.

By helping the Kurds and the INC in Kurdistan in every way, either de facto lifting embargo over Kurdistan or de jure, you are going to undermine Saddam's rule in Iraq.

Again, it is a slow process but people in Baghdad eventually know. If you build a television station, a strong one, in Kurdistan and broadcast the true picture of an improving standard of living and democratic life in Kurdistan, that is going to be the best propaganda against Saddam Hussein and his regime.

I tried to enumerate issues that could be very helpful to the Kurds short-term, and I would say, relatively cheaply as well.

They need an oil refinery. Not a very big one, enough for 3 million people. They have oil wells. I suppose some of you know that they have some oil wells that are capped now within the area under their control and north of the thirty-sixth parallel, mainly around Kuwisanjaq.

I would say it seems to me very improper and strange indeed that Saddam Hussein is allowed to use the riches of his country, to take oil out of his land, his soil, to turn it into oil products and so on and the Kurds and the INC are not allowed to do the same. It is like we are saying, that in order to keep the territorial unity of Iraq, with which I agree, we are preventing the Kurds from enjoying the same rights that Saddam Hussein enjoys.

This is going to be a tremendous boost to the Kurdish economy because if they can produce their own oil derivatives, their economy is going to be on much more solid ground and that is a very impor-

## وتەکانی میستەر گراهام فولەر، مەزنە شرۆڤەکاری دەزگای راند

" سوپاس جەنابی سەرۆک.

هاوڕێ بەڕێزەکانم ژمارەیەک بابەتی زۆر هەستیاریان وروژاند کە خوازیاربووم ئاماژە بەزۆربەیان بدەم، بەڵام نامەوێت دووبارەیان بکەمەوە، چونکە لەو بڕوایەدام کە بەشێوەیەکی زۆر شیاو ئاماژەیان پێدا.

تەنیا دەمەوێت لەگۆشەنیگایەکی بڕێک جیاوازەوە ئاماژە بەدووان لەو بیرۆکانە بدەم بۆ بەهێزکردنی ئەو قسانەی ئەوان کردیان.

یەکەم، لەو بڕوایەدام کە بەتایبەت گرنگە دان بەقەوارەی مەزنی ئەم بابەتە عێراقییەدا لەتەواوی مێژووی رۆژهەڵاتی ناویندا بنێین. ئەوە بۆ ئێمە زۆر ئاسانە کە ئسیتیک لەسەر دوا پیاوەخراپەکە بکەین لە رۆژهەڵاتی ناویندا، بەڵام لەو بڕوایەدام کە سەدام حوسێن و تەواوی رژێمی عێراق، پێویست بەوە دەکات وەک شتێکی تایبەت و نائاسایی تەماشابکرێت. ئەمە سیاسەتێکی ئاسایی نییە لەرۆژهەڵاتی ناویندا، ئەوە شتێکی زۆر زۆر زۆر جیاوازە. رژێمگەلی دڕندەی هاوشێوە کەماوەیەکی درێژ لەدەسەڵاتدا مابێتەوە، بەراستیی شتێکی دەگمەن و نائاساییە.

سەدام حوسێن دوو جەنگی لەرۆژهەڵاتی ناوین دەستپێکرد، ئەو گەلەکەی بەگازی ژەهراویی کوشت، بوو بە هۆی دروستبوونی شەپۆلێکی بێکۆتایی پەنابەران، لەهەر شوێنێکی دیکە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەیە، وەک بڕوام وایە کە ئەم فاکتانە وادەکەن هەریەک لە ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی دەستێوەردانەتر لەحاست ئەم ناوچەیە بگرنەبەر، ئەوەی لەبنەڕەتدا، وەک بڕوام وایە، ناچارنین کە هەموو کات دەستێوەردانی گەورە بکەین.

ئەمە وەک حافز ئەسەد نییە، ئەمە تەنانەت ئێرانیش نییە، دەمەوێت ئەوەتان پێشنیاربکەم، وێرای نارەحەتیمان لەهەمبەر سوریاو ئێران لە رووەکانی دیکەوە، بەوتەیەکی دیکە، ئایا نابێت کارەکتەری فرە بەدکارانەی ئەم رژێمە هاندەرمان بێت سیاسەتگەلێکی بوێرانەتر بگرینەبەر؟ چ لەسەر ئاستی نێوخۆو چ لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش . هەروەها هانی ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش بدەین کە هەمان شت بکەن بۆ گۆڕینی ئەو رەوشەی کە نائاساییە.

با بۆ ساتێک تەماشای هەرێمە کوردییەکە بکەین، هەموو هاورێکانم ئاماژەیان بەبایەخی ئەوە کرد. بەوتەیەکی سادە، ئێمە وەک پێویستە باس لە ناوچەیەکی کوردیی ناکەین، بەڵکو باسی عێراقێکی رزگارکراو دەکەین.

ئەمە عێراقێکی رزگارکراوە، ئەوە تەنیا کورد نین کە لەوێ بن، بەڵکو هەر گروپێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی دژی سەدام حوسێنە ئێستاکە ئۆفیس و نوێنەرایەتییان لەوێ هەیە. ئەمەش سەرەتایەکە- ئەوێ پایتەختێکی کاتیی بچکۆلانەیە- ئەگەر دەستەواژەکە دروست بێ، هەتا ئەو کاتەی دەتوانرێت

که شتێک لەبەغدا خۆی دابمەزرێنرێت. هەروەها لەو بڕوایەدام که ئەمە باری گرانی سەرشانی بیرکردنەوە ناهێڵێت، باشە ئێمە لاگریی لە جیاخوازیی دەکەین؟ ئایا ئێمە هانی جیاوخوازیی دەدەین؟

بەراشکاویی، بڕواناکەم هیچ کەس هەبێت بیەوێت کوردستانێکی سەربەخۆ لەناوچەکەدا ببینێت. ئەوە چەندین گرفت دروستدەکات. تەواوی جیهانی عەرەبیی بەتوندیی دژی ئەوە دەوەستنەوە. هەروەها تورکیاش، ئێرانیش، هیچ کەس نایەوێت وڵاتێگەلێک لەبەریەک هەڵوەشێت.

فاکتە ساکارەکە ئەوەیە کە سەدام حوسێن لەئەنجامی سیاسەتەکانییەوە عێراق دابەشدەکات. پەراوێزخستنی شیعە، پەراوێزخستنی کورد وادەکات ژیانی ئەوانە نەکردەو فرە سەخت بێت.

ئێمە پێشنیار دەکەین، بەبڕوای من کە پشتگیریی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان بکرێت و پاڵپشتی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی درێژخایەن بکرێت کە تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە. ئەگەر عێراقێکی فیدراڵی نەبێت و دیموکراتیش نەبێت، ئەگەر کورد ژیانێکی سەخت و تەحەمولنەکراوی لەنێو ئەم دەوڵەتەدا هەبێت، ئەو کاتە ئەوان ئیدی ڕاناوەستن. لەو بڕوایەدام ئێستاکە ٥٠ بە ٥٠ کەوتوون، لانیکەم تاماوەیەکی درێژخایەن بەوشێوەیە بمێننەوە.

ئەگەر بمانەوێت بمێننەوە، بۆئەوە دوو ڕێگە هەیە، یەکیان ئەوەیە کە سەدام حوسێن تەوزیف بکەین کە بەزەبری هێز ئەو دەوڵەتە یەکپارچەیە ڕابگرێت، ئەوی تریشیان ئەوەیە عێراق دەوڵەتێک بێت کە تێیدا خەڵک بەویستی خۆی تێیدا بژی و لەڕووی کارەکتەرەوە دیموکراتی و فیدراڵی بێت.

ڕێگەم پێبدە بەکورتی ئاماژە بەو ڕاستییە بدەم، کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەدا گرفتمان هەیە، ئەوانەی کە زۆر نیگەرانن لەو ڕێگەیەی لەسەری ڕێدەکەین.

سوریا و عەرەبستانی سعودیی، بەتایبەت، وەک پێم وایە، دوو ڕژێمی سەرەکین کە هەردووکیان ڕقیان لەسەدام حوسێنە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە بێزاریی زیاترهەیە کە ئەمریکا زیاتر جەخت لەڕژێمێکی دیموکراتی دەکاتەوە کە ئەگەر دیموکراتی بێت ئەوساکە شیعەی عێراق لە سیاسەتدا نفوزێکی زیاتریان دەبێت. هەریەک لەو دوو دەوڵەتە سەبارەت بەم فاکتە بێزارو نیگەرانن. لەوەش دەترسن کە ئەجێنداکەمان بەئاراستەی دابڕینی عێراق و دابەشبوونی بڕوات.

زۆر گرنگە بۆ دیپلۆماتکارو سیاسەتی دەرەوەمان ڕوونی بکەنەوە کە هەوڵ بۆ پاراستنی عێراق دەدەین و ئەو فیدراڵی و دیموکراتییە بۆ ئەوەیە عێراق لە ئایندەی دووردا پارێزراو بێت.

لەو باوەڕەدام کە گرنگە ئاماژە بەوە بدەم کە ئەمجۆرە عێراقەش بەقازانجی ئێران نییە. لەڕاستییدا، دانیشتووانی شیعە لەعێراق هەستدەکەن کە ئێران ئەوانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆی پاوان کردووە، هەربۆیە ئەوان بەهیچ جۆرێک بۆ ئێران پەرۆش نین. هەرچەندە، پێویستە بڵێم کە هەتا ئەم دۆخە درێژە بخایەنێت شیعەکان لەباشووری عێراق بێهیواتر دەبن و وەک تاکە ئەڵتەرناتیڤ ڕوو لەئێران دەکەن، ئەوەی ئێمەو زۆری تریش نایانەوێت ئەوە ببینن.

جەنابی سەرۆک، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم، سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بەم شوێنە لەماوەدرێژدا زۆر ڕوونتربێت. بڕوایەکی بەرفراوانی ئەوتۆ هەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوین کە وڵاتە

یەکگرتووەکان بەراستیی نایەوێت سەدام بڕوات. گوایە ئەو بۆ ئەمریکا زۆر ئیسراحەتترەو بێ کێشەیە. ئێمە دەمانتوانی لەشەڕدا بەسەردا زاڵ بین، بەڵام هێشتنەوەی ئەو لەوی بۆ ئەوەبوو ئێران دوورەپەرێز بهێڵینەوە. ئەوەی کە من پێم وایە شتێکی ماقووڵ نییە. ئەگەر هەرشتێک بێت، ماوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن چەندە درێژخایەن بێت، بۆ ئێران ئاسانتردەبێت کە ئەو گەمەیە بکات.

ئەوانەی پێیان وایە- زۆرتر ئەوانەی زیاتر تیروانینی ماکیاڤیلییانەیان هەیە پێیان وایە- ئێمە سەدام حوسێنمان لەوێدا دەوێت بۆ پاساوی مانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەکوێت و سعودیەو شوێنەکانی دیکە، ئەوەش گەمەیەکی گاڵتەجاڕییانەیە لەلایەن ئێمەوە. لەوەش زیاتر، زۆرن ئەوانەی لەناوچەکە پێیان وایە لەبەرئەوەی سەدامماں نەڕووخاند، لەوەناچێت کە ئێمە سەرکەوتوو بین- سەدام خۆی هانی ئەم بڕوایە دەدات. ئەو وا لەعێراقییەکان دەکات کە پێیان وابێت: تۆ ناتوانی دەستم لێبدەی، ناتوانی لامبەریت، حکومەتی ئەمریکا بۆخۆی منی لێرەدا دەوێت. ئەوان منیان خۆش ناوێ، بەڵام دەزانن کە باشترین بژارەم کە دەستیان پێی بگات، منیش خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکەم. هەربۆیە هیچ لەرابەرەکانتان یان ئەو خەڵکە بیر لەوە نەکەنەوە کە شتێکی پێچەوانە بکەن.

هەربۆیە واز لەو فەرماندەیە سەربازییە بێنن کە سەدام دەردەپەڕێنێت، ئەوەی فیشەکێک بەسەرییەوە دەنێت یان کودەتا دەکات یان هەرشتێکی دیکە. با ئەو فەرماندەیە بزانێت کە ئێمە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لەگۆڕینی رژێمەکە، بەڵام عێراق ناتوانێت بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پەیوەستبێت هەتاکو گۆڕانی بنەڕەتی لەو شێوازەدا نەکات کە حوکمڕانیی پێدەکات، ئەوەش بەمانای گەڕانەوەی پارلەمان و نووسینەوەی دەستوورو جۆرێک لە شێوازی پرۆسەی دەبێت بۆ هەڵبژاردنی حکومەتی داهاتووە.

کاتێک ئەمە دێتەدی، ئیدی بێهیوایی و بێئومێدییەک لەگۆڕدا نامێنێت. هەروەها ئەو جۆرە کەسانە دەبیت خۆیان ئەوە بزانن کە هەموو شتێکی باش ئەو دەمە روودەدات کە ئەم جۆرە مەرجانە دێنەدی، دەستەجی دەتوانن نەوت بفرۆشن، بەتەواویی لەلایەن هەمووانەوە دانیان پێدادەنرێت، هەروەها هاوکاریی و پاڵپشتیشیان لە بنیاتنانەوەی عێراقیشدا دەکرێت. لەراستییدا، لەو بڕوایەدام کە هەندێک لەو مەرجانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانرێت لەو قۆناغەدا لەگەڵ عێراقی نوێ دانوسانی لەسەر بکرێت.

دواجار دەمەوێت پێشنیاربکەم کە عەرەبی ناوچەکەو خەڵکی عێراقیش بزانن کە ئێمە نامانەوێت ئای ئێن سی وەک کابینەی وزاری و سەرۆکی عێراق بسەپێنین. ئای ئێن سی ریکخراوێکی بەرچاوە، ئەو رێکخراوە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی عێراقی نوێدا دواجار ئازادانە مشتومڕیان لەسەر تەواوی رووەکان و گرفتەکانی ئەو وڵاتە کردووە. کوردان، شیعەکان، شیعەی ئسوڵی، شیعەی سێکیولار، سونەکان، چەپ ، راستەکان و تەواوی ئاراستەکانی نێو خەڵک، لەراستیدا بنەمای لێکتێگەیشتنی داهاتوو پێکدەهێنن سەبارەت بەوە کە دەبێت عێراق چۆن بێت. کەس نازانێت کێ لەعێراقی داهاتوودا هەڵدەبژێردرێت. ئێمە هەوڵ بۆ سەپاندنی ئای ئێن سی نادەین.

لەو بڕوایەدام هەمووتان ئەوە دەزانن بەڵام من دڵنیانیم کە سعودیەو سوریاو هەموو ئەوانەی لەم شتە نیگەرانن، لەوە تێبگەن کە ئێمە نامانەوێت رژێمێکی ئەمریکی یان تەنانەت تەواو لایەنگری ئەمریکا لەناوچەکە بسەپێنین.

جەنابی سەرۆک، لەو کاتەدا تۆ رووبەڕووی تەحەدایەکی گەورە لەناوچەکەدا دەبیتەوە، من گەشبینم کە بە ویست و سیاسەتێکی وردو وریای درێژخایەن دەتوانین گۆڕانکاریی لەدوا قەڵای رژێمێکی عەرەبیی کۆ ن و توندوتیژو دەسەڵاتسەپێن بکەین کە سەدام حوسێن نموونەکەیەتی.

سوپاس.



**گراهام فولەر**

So I would just sum by saying that this issue of defreezing the assets should be looked into.

Thank you.

[The prepared statement of Dr. Baram appears in the appendix.]

Mr. HAMILTON. Thank you very much, Professor Baram.

Mr. Fuller.

## STATEMENT OF GRAHAM E. FULLER, SENIOR ANALYST, RAND CORPORATION

Mr. FULLER. Thank you, Mr. Chairman.

My esteemed colleagues have raised a number of very critical issues, many of which I would have touched on. I do not want to repeat them because I think they have very adequately touched them.

I would like to just present a couple of these thoughts from a slightly different angle to reinforce much of what they have said.

First, I think it is particularly important to recognize the tremendous magnitude of this Iraqi issue within the whole history of the modern Middle East. It is very easy for us to become fixated on the latest bad guy in the Middle East but I think Saddam Hussein and the whole Iraqi regime needs to be viewed as something exceptional and special. This is not Middle East politics as normal. It is very, very, very different. Regimes as brutal as this that survive so long are really quite exceptional.

Saddam Hussein has started two wars in the Middle East; he has gassed his own people; he has produced endless refugee flows; and he has the grossest violations of human rights anywhere. It is these very facts which enable, I think, both the United States and the U.N. to adopt highly intrusive policies toward a region that basically, I think, we would just as soon not have to be highly intrusive with all the time.

This is not like a Hafez al-Assad, this is not even an Iran, I would suggest to you, despite our discomfort with both Syria and Iran in other respects. In other words, should not the magnitude and the gross character of this regime spur us to adopt bolder policies, both domestically and in the U.N., and to encourage other Security Council members to do the same to try to change what is an exceptional circumstance?

Let us look at the Kurdish zone for a moment. Both of my colleagues have pointed out the importance of this. To put it in its simplest words, we are not talking about a Kurdish zone necessarily, we are talking about liberated Iraq.

This is liberated Iraq, it is not just Kurds who are there but every single political group in opposition to Saddam Hussein now has offices and representation there. So this is the beginning—it is a mini temporary capital, if you will—until something can be established in Baghdad itself. And I think it removes the onus from thinking, well, are we in favor of separatism, are we encouraging separatism.

Frankly, I do not think anybody wants to see a separate independent Kurdistan in that region. It will create problems. The entire Arab world is deeply opposed to it. Turkey is, Iran is. Nobody wants to see nations break up.

The simple fact is Saddam Hussein is breaking up Iraq as a result of his policies. Alienating Shi'ites, alienating Kurds, making life intolerable for them to live there.

We are suggesting, I think, that pursuit of the support for opposition groups and pursuit of a long-term federated democratic Iraq is the only way to keep it together. If you do not have a federated Iraq and it is not democratic, if Kurds find life intolerable within this state, then they will not stay. And I think it is 50/50 now at least as to whether they will stay over the longer run.

If we want them to stay, there are two ways to do it. One is hire Saddam Hussein to keep it together by force and the other is a state in which people are willing to live and that is democratic and Federal in character.

Let me mention briefly the fact that we do have problems in the Middle East with other states that are very nervous about the way we are proceeding.

Syria and Saudi Arabia, in particular I think, are quite key regimes. Both of them loathe Saddam Hussein but I think there is nervousness that American policy is either pushing for a more democratic regime and if it is democratic it means that the Shi'a of Iraq will have greater influence in politics. Both these states are nervous about this fact and they are afraid that our agenda is to separate and divide Iraq.

It is very important for our diplomats and our foreign policy to make quite clear that we do seek to preserve Iraq and that these democratic and Federal means are the only way to preserve it in the longer range future.

I think it is important to point out that this kind of an Iraq will not favor Iran. Indeed, the Shi'ite population of Iraq feels that Iran has manipulated them very considerably to Iran's own ends and they are not warm toward Tehran at all. The longer this goes on, though, I should say, the more desperate the Shi'ites in Southern Iraq will become and their only other alternative to look to now will be Iran, which we and many others do not want to see.

I would therefore suggest, Mr. Chairman, that U.S. policy perhaps be more explicit in where we are going over the long run. There is a widespread body of belief within the Middle East that the United States does not really want to see Saddam Hussein go, that he is very convenient, that we were able to win a war against him but by keeping him there we are supposedly keeping Iran at bay, which I think is preposterous. If anything, the longer Saddam stays there the easier it will be for Iran to play in that game.

They think that—those with more Machiavellian views think that—we want Saddam Hussein there to justify the American military presence in Kuwait and Saudi Arabia and elsewhere and that it is a cynical game on our part. Furthermore, it is not that many in the region think that, because we did not overthrow Saddam Hussein and do not seem to have been successful—Saddam himself is encouraging this belief, making Iraqis think that you cannot get me, you cannot move me, the U.S. Government itself wants me in here. They do not like me but they know that I am the best deal that they are ever going to get and that I serve their interests so do not any of you commanders or any of you population think about doing otherwise.

This is exceptionally pernicious and something that our policy needs to make very explicit that it is not our goal. So, yes, it is the removal of Saddam and it should not stop there, Mr. Chairman. What we are talking about is a Germany or Japan after World War II syndrome. We are talking about removing a Stalin from the Soviet Union but it is not enough to remove a Stalin, you have got to remove the system that produced and supported Stalin and that is the Ba'th party.

So let the commander that will remove Saddam, that will put the bullet through his head or pull the coup or whatever else, let that commander know that we wish him well in attempting to change the regime but Iraq cannot join the community of nations until there has been fundamental changes in the way that government is run and that means restoration of parliament, rewriting a constitution and some sort of democratic processes for the selection of the next government.

As long as that is on record, there will be no disappointment and no disillusionment. But these same people must know, too, that everything good will happen the minute those conditions are met. That they will immediately be able to sell oil; they will be fully recognized by everyone; there will be cooperation and assistance in rebuilding Iraq. Indeed, I think some of the conditions set by the U.N. would probably be negotiable at that point with a new Iraq.

Lastly, I would suggest that the Arabs in the region and the Iraqi people themselves must know that we are not seeking to impose the INC as the next cabinet and President of Iraq. The INC is a remarkable organization. It has brought together for the first time in modern Iraqi history a group which virtually has freely discussed all aspects and all problems of that country: Kurds, Shi'ites, fundamentalist Shi'ites, secular Shi'ites, Sunnis, left, right, a whole bunch of people. This is a remarkable accomplishment. These people are, in effect, establishing the basis for future understanding of how Iraq will be. Nobody knows who might be elected in the future Iraq. We are not seeking to impose the INC.

I think you all know that but I am not sure that the Saudis and the Syrians and others who are concerned with this thing fully understand that we are not imposing an American regime or even a purely pro-American regime in that area.

So you are faced with an immense challenge, Mr. Chairman, in this region. I am optimistic that with a will and with a long term carefully thought out policy we can bring dramatic change to the last real holdout of the old, harsh, cynically pan-Arab authoritarian regimes that Saddam Hussein typifies.

Thank you.

## مشتومڕی گشتی سەبارەت بە پرسی هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر باشووری کوردستان (باکووری عێراق)

میستەر هامیلتۆن: سەبارەت بە هەڵگرتنی سزاکان لەسەر باکوور، کە وایپێدەچێت هەمووتان لایەنگری بن، هەروەها توریسلی ئەندامی کۆنگرێسیش بەهەمان شێوە، وەک من تێدەگەم، ئیدارە لەو بارەیەوە کۆمەڵێک پاساوی خۆی هەیە. یەکێکیان ئەوەیە کە دەبێتەهۆی لاوازکردنی رژێمی سزاکان لەدژی خودی عێراق، خۆئەگەر سزاکانمان لەسەر باکوور سوک کرد، ئەوسا دەوڵەتانی دیکە سزاکانی تر سوک دەکەن و بەوەش رژێمی سزاکان بەتەواویی هەڵدەوەشێت.

پاساوی دووەم ئەوەیە کە ئەو کارە دەبێتەهۆی لاوازکردنی یەکگرتوویی خاکی عێراق و سێیەمیش ئەوەیە کە تورکیا دژی ئەوە دەوەستێت و لەوانەشە بەو هۆیەوە تەواوی ئۆپەراسیۆنی ناوچەی ئارام تووشی مەترسیی ببێتەوە.

ئێستا، من دەزانم کە ئێوە بەم پاساوانە ئاشنان، هەڵتانسەنگاندوون، دەمەوێت لەوە دڵنیاببمەوە کە هەموو ئەوانەتان لەتۆمارەکاندا وتوە کە ویستوتانە سەبارەت بەم پاساوانە بیڵێن.

میستەر فولەر: دەمەوێت پێشنیار بکەم، سەبارەت بە پاساوی یەکەم، واتە ئەوەی کە بەزاندنی سزاکان دەبێتەهۆی لاوازبوونی سەرجەم رژێمی سزاکان لەدژی عێراق بەگشتیی و کرداریی لەلایەن وڵاتانی دیکەوە، ئەوانە پێش هەمووان پێشێلکراون و عێراق کارلەسەر خۆدزینەوە دەکات لەسزاکان.

میستەر هامیلتۆن: رژێمەکە بەگشتیی هەڵدەوەشێت؟

میستەر فولەر: بەڵی مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ بازرگانییکردن لەگەڵ ئێران و بازرگانی نایاسایی لەرێگەی تورکیاو ئەردەنەوە، بەشێکی زۆر لەوانە روودەدەن. هەربۆیە نابینم کە دۆخەکە لەوە خراپتر بێت، یاخود ئەوەبێت کە قازانجێکی زۆرو خێرا روو لەناوچە کوردییەکە بکات، لەکاتێکدا کاریگەری ئەوە لەسەر توانای گشتیی عێراق بۆ خۆرزگارکردن لەسزاکان بابەتێکە زێدەکردنێکی گرنگ نییە.

دووەم، ئەوەی پەیوەندی بەهەڵوەشاندنەوەی عێراقەوەیە، وەک هەموومان وتمان کە سەدام خۆی عێراق هەڵدەوەشێنێت، ئەم دۆخە چەندە درێژە بخایەنێت، چەندە ئۆتۆنۆمی کوردان و رەگەزەکانی دیکە درێژەبکیشێت، لەوانەیە ئەو کاتە دوای سەربەخۆیی بکەون و هەوڵی بۆ بدەن. چەندە ئەم دابڕانە لەعێراق درێژەبکێشێت، ئەو کات لەئاییندەدا دۆخەکە خراپتر دەبێت. هەر بۆیە وانابینیم کە ئەمە بەهیچ شێوەیەک ببێتەهۆی جیابوونەوەو دابەشبوون.

دواجار هەڵوێستی تورکیی تاڕادەیەک ئالۆزو پێکدژە، تورکان بەگشتیی لەهەمبەر بیرۆکەی ئەم ناوچە کوردییە ئۆتۆنۆمەدا زۆر نیگەرانن، چونکە کاریگەریی لەسەر کوردانی ئەوان دەبێت. بەڵام تورکان دەشزانن کە هیچ کات دۆخەکە ئەوەندە لەقازانجیان نەبووەو دەسەڵاتە کوردییەکە ئەوەندە بە

وردیی و بایەخەوە هاوکارییان دەکەن کە هیچ هێزیکی دیکە لەعێراقداو لەتەواوی مێژووی نوێدا شتی وای نەکردووە.

سەدام بەشێوەیەک بوو کە هەر کات دڵی بیگرتایە ئەو سنورەی لەتورکان دادەخست یان دەیکردەوە، حکومەتە کوردییەکەی ئێستا لەویٚ بەتوندیی جەخت لەوە دەکەنەوە ئەنکەرە دڵخۆش بکەن چونکە دەزانن ئاییندەیان بەتەواویی پشت بەوە دەبەستێت. هەربۆیە ئەوە بۆ بەرجەستەکردنی هەڵویست و پێگەی تورکیی بەکارنایەنم.

میستە هامیلتۆن: باشە.

میستەر بارام: سەبارەت بە کارتێکردنە سەر سزاکانی سەر عێراق، ١٠٠ دەرسەد لەگەڵ میستەر فولەردا هاوڕام، ئێستا لە تورکیاو ئێران و ئەردەنەوە هەموو شتێک بەعێراق دەگات جگە لە سیستمی بنەڕەتی جەنگیی، لەوبڕوایەشدا نیم کوردان دەستیان بە سیستمی بنەرەتی جەنگیی بگات و واش نابینم کە بتوانن ئەو سیستمە رەوانەی سەدام بکەن.

سەبارەت بەیەکگرتوویی خاک ، من بەشێوەیەکی زۆر جیاوازتر دایدەڕێژمەوە، هەتا کوردان ـــ

میستەر هامیلتۆن: خولەکێک بوەستە، دەمەوێت بگەرێمەوە ئەو شوێنەی ، هەموو شتێک ئەڕوات لەرێگەی؟

میستەر بارام: زۆرو کەم

میستەر هامیلتۆن: هەربۆیە کاریگەریی کرداریی هەڵگرتنی سزاکان ئەوەیە رێگە بەچوونە ناوەوەی یەک بدات؟ ئەوە راستە؟

میستەر بارام: بەڵی ، بەڵام کاریگەریی سەرەکیی ئەوە دەبێت کە رێگە بە سەدام بدرێت کە رۆژانە نەک ١٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت بفرۆشێت وەک هەمیشە دەیکات، بەڵکو ٣,٥ ملیۆن و نیو لەرۆژێکدا بفرۆشێت. ئەوەش ئەو چەکە سەرەکییەیە کە لەدژی ئەو هەتانە.

میستەر هامیلتۆن: دەبینم باشە.

میستەر بارام: ئەمە گۆڕانکاریی تێدا روونادات ئەگەر ئێوە گەمارۆتان لەسەر باکوور هەڵگرت. هەروەها جاریکی تر سەبارەت بە یەکگرتوویی خاکی عێراق، من بەو شێوەیەی دادەنێم. ئەگەر دەتانەوێت کوردان لەرەوشێکی باشتردا بن بۆئەوەش گەمارۆکە لەسەر ئەو بەشە هەڵبگرن، بابڵێین باکووری عێراق، ئەوسا تۆ نموونەیەک دەدەیتە باقی دیکەی عێراق و دەڵێیت : سەیربکەن، ئەمە رژێمێکی دیموکراتییە، سەیربکەن چی روودەدات، ئەوان لەدەرەوەی گەمارۆکەن، ئایا ئێوەش ناتانەوێت لەو گەمارۆیە بینە دەرەوە؟!

سێیەم: تورکیا فرە گرنگ و پڕ بایەخە، تورکیا هاوپەیمانێکی زۆر گرنگی ئێوەیە و بەرێکەوت هی ئێمەشە، چونکە تورکیا ئەمرۆکە قەڵایەکە دژی سەرهەڵدانەوەی ئیسلام. من بەشێوەیەکی رەها تورکیا بە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەتان دادەنێم، هەربۆیە پێویستە لەگەڵ تورکان بگەنە چارەسەرێک، ئەگەر تورکان پێیان وتن کە نابێت بەگوێرەی یاسا گەمارۆکە لەسەر کوردستان

هەڵبگیرێت، ئەوا بەشێوەیەک کاریان لەگەڵ بکەن کە گەمارۆکە بەحوکمی دیفاکتۆ و بێ کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندیی تورکان لاببرێت.

شتە سەرەکییەکە بریتییە لەوەی کە ناوچە کوردییەکە چەندە گەشەسەندوو بێت، ئەوا دەبێتە نموونەیەک بۆ باقی دیکەی عێراق.

خاتوو میلرۆی: لەو بڕوایەدام لێرەدا شتێک هەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو سی شتەوە : سەبارەت بە سزاکان، یەکگرتوویی خاک و تورکیا، ئەویش بریتییە لەروانگەی سۆزداریی. لە گەواهییە تۆمارکراوەدا قسەیەکم وەرگرتووە لەبەرپرسیکی ئینگلیزوە کە وەک بەپرسێکی ئیداریی بریتانیی لەکوردستانی عێراق لەکاتی بیستەکاندا کاریکردووە، ئەو گلەیی لەوە دەکات کە چۆن هاوکارەکانی لەبەغدا هەموو کات گرفتیان بۆ کورد پێکهێناوە. ئەوانە زۆر لە عەرە ناسیونالیستەکان ناسیونالیستتر بوون. لەوێدا وەرگیراوێکی زۆر سەرنجڕاکێش هەیە.

بەگوێرەی ئەزمونی تایبەتی خۆم، ئەزمونێک کە مرۆف تەنانەت وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی لەگەڵ ئەم پرسەدا هەیەتی، مرۆڤ هەستدەکات کە هەندێک جار بیرۆکراتەکان تەنیا پەرۆشن بۆ سەپاندنی سزا بەجۆرێک کە دەبێتە حاڵەتێکی گاڵتەجاری.

بۆنموونە، وڵاتە یەکگرتووەکان تاکە وڵاتە لەجیهاندا کە دوا لەهاولاتییان دەکات مۆڵەتی تایبەتیان هەبێت بۆئەوەی سەردانی باکووری عیراق بکەن. ئەگەر تۆ مۆڵەتی تەکنیکیت نەبێت ئەوا لەرووی تەکنیکییەوە تۆ پێشێلی سزاکانی سەر گەمارۆکە دەکەیت. هیچ وڵاتێکی دیکە ئەم کارەناکات. بریتانیا ئەو کارە ناکات. ئێوەش هەروەها پێویستتان بەمۆڵەتی تایبەت نییە. پێویستە سەردانەکەتان بۆ ئەوێ لەبەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بێت.

دووەم، ئەمەیان تەنیا جۆرێکە لەگاڵتە، کوردان ئۆفەرێکیان وەرگرتووە بۆئەوەی پرۆسەیەک بۆ پتەوکردنی دیموکراتی ئەنجامبدەن. بۆ فێربوونی بەهاکانی دیموکراتیی لەزانکۆی سلێمانی. ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە قەدەغەکرا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمە گەمارۆکە پێشێلدەکات، خەڵکەکە بەگاڵتەوە وتیان چی؟ هەناردەکردنی دیموکراتی بۆ کوردستان دەبێتەهۆی پێشێلکردنی گەمارۆکە؟

لەبەرئەوە، بڕوام وایە کە ئەوە تەنیا ئەم شتانە نیین، بەڵکو جۆرێک لە- نەک تەنیا تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەبێتە هۆی ئەم هەوڵە پەرۆشانەیە بۆ جێبەجێکردنی سزاکان لەسەرعێراق، لەکاتێکدا بەراستیی مرۆڤ پێویستە هێشتا هەوڵبدات کە هانی خەڵک بدات کەمتر پەرۆشبن لەو رێگایانەی کە سزاکانی بەسەر باکووری عێراقدا پێ جێبەجێ دەکرێن.

میستەر فولەر: ئەمە دادپەروەریی و رەوایەتیی باڵایە.

the other sanctions and you will have a breakdown of the sanction regime.

The second argument they make is it undermines the territorial integrity of Iraq and the third argument they make is that Turkey would oppose it and probably you would jeopardize the operation and provide comfort there.

Now, I know those arguments are familiar to you. You have weighed them. I just want to make sure you have said all that you want to say on the record with regard to those arguments.

Mr. FULLER. I would suggest, sir, the first argument, namely, the breakdown of sanctions would loosen the general sanctions regime against Iraq as a whole in the practice of other nations. Those are, first of all, being violated. Iraq is managing to skirt——

Mr. HAMILTON. It is already breaking down?

Mr. FULLER. Yes. I mean, with the trade across from Iran, illegally across from Turkey, from Jordan, there is a great deal of it going on. So I do not see that it would get much worse and I think it would immensely profit the Kurdish region dramatically and immediately in a way that would be—whereas its impact on Iraq's overall ability to survive sanctions I think would be an insignificant addition.

Secondly, on the breakup of Iraq, as all of us have said, Saddam is breaking up Iraq. The longer this situation goes on, the longer the Kurds are autonomous and other elements, maybe even seek independence, the longer there is this separatism within Iraq, the worse it is going to be for the future. So I do not see that this is leading to the breakup at all.

And lastly the Turkish position is rather ambivalent. The Turks are desperately uncomfortable with the idea of this autonomous Kurdish region because it does affect their own Kurds but the Turks also know they have never had it so good. The regime in northern Iraq today, the Kurdish authorities, are cooperating more precisely and more carefully than any other force in Iraq has ever done in modern history.

Saddam used to turn that border on and off against Turkey whenever he felt like it. The present Kurdish government there now is desperately determined to keep Ankara happy in almost any respect because they know their own future depends on it totally. So I would not use that to typify the Turkish position.

Mr. HAMILTON. OK.

Mr. BARAM. About affecting the sanctions against Iraq, I agree 100 percent with Mr. Fuller. Everything now is getting to Iraq through Iran and Turkey and Jordan except for main weapon systems. And I do not believe that the Kurds would be getting main weapon systems and thus I do not see how they can send it over to Saddam

As to territorial integrity, I would put it in a very different way. As long as the Kurds——

Mr. HAMILTON. Wait a minute. I want to go back there. Everything is already getting through?

Mr. BARAM. More or less.

Mr. HAMILTON. So the practical impact of lifting the sanctions is to let weapons go in, is that correct?

Mr. BARAM. Yes. But the main effect of it will be to allow Saddam to sell not 100,000 barrels a day as he does now but 3.5 million barrels a day and that is the main weapon you have against him.

Mr. HAMILTON. I see. OK.

Mr. BARAM. This cannot be changed if you lift the embargo off the north. Then again about territorial integrity, I will put it this way. If you allow the Kurds to be better off because the embargo is off that part, let us call it northern Iraq, you give the rest of the Iraqis an example. You say, look, here is a democratic regime, look what happens. They are off the embargo, do you not want to be off the embargo, too?

Third, Turkey is extremely important. Turkey is a very important ally of yours and incidentally of ours, too, because Turkey is today one of the most important bulwarks against a resurgent Islam. And I regard Turkey as absolutely a cornerstone of your foreign policy. So you have to work it out with the Turks. If the Turks are saying to you emphatically no lifting of the embargo over Kurdistan de jure so try to work out with them how you can lift it de facto without affecting Turkish interests.

The main thing is the Kurdish area—the more prosperous it is, the better example it is for the rest of Iraq.

Ms. MYLROIE. I also think that there is something there that goes beyond those three things you said about sanctions, territorial integrity and Turkey. There is a kind of emotional perspective. In my written testimony is a quote from a book by a British official who served as an administrator in Iraqi Kurdistan in the 1920's and he complains about how his colleagues in Baghdad all the time made problems for the Kurds, that they were more nationalist than the Arab nationalists. There is an interesting quote in there.

And my own experience, the experience one has with this question even as a private citizen about the sanctions, one has a feeling that sometimes the U.S. bureaucracies are just eager to impose sanctions in ways that become comical.

The United States, for example, is the only country in the world that requires its citizens to get special permission to travel to northern Iraq. If you do not get the special permission, you are technically breaking the sanctions and embargo. No other country does that. The U.K. does not do that. And you will not necessarily get the special permission, too. Your trip has to be in the national interests of the United States.

Secondly, another—this is just kind of funny. The Kurds got a grant to do a project on promoting democracy, teaching democratic values in the University of Sulamania. And this project was blocked by the State Department on grounds that it violated the embargo. People joked, what, the export of democracy to Kurdistan is going to violate the embargo?

So it is I think not just these things but a kind of—not necessarily objective view of the Middle East that leads to this enthusiastic pursuit of the application of the sanctions in Iraq when really one might still try to get people to be a little less enthusiastic in the way that they apply the sanctions on northern Iraq.

Mr. FULLER. It is a super legalism.